ناسیونالیزم‌و
کەمینەکان لەسیاسەتی نێودەوڵەتان دا

جەودەت ئیسماعیل لوتفی

سیروان عارف

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سلێمانی ٢٠٠٢

جەودەت ئیسماعیل لوتفی - سیروان عارف

ناسیونالیزم‌و کەمینەکان لەسیاسەتی نێودەوڵەتان دا

سلێمانی ٢٠٠٢

زنجیرەی کتێبی بیر: (٣)

ژمارەی سپاردن: ( )ی ساڵی ٢٠٠٢

پێشەکی

لەسەرەتای سالآنی نەوەدی سەدەی رابردودا مەسەلەی کەمینەکان بایەخێکی زۆری لەسیاسەتی نێو دەوڵەتاندا پەیداکرد. ئەم مەسەلەیە لە سۆنگەی گۆڕانکاریەکانی پاش نەمانی سیستەمی دوو جەمسەرییەوە زیاتر پەرەی سەند، چونکە ئەو هەلومەرجەی کە لەسەردەمی سیستەمی دوو جەمسەریدا لە گۆڕێدا بوو، دەرفەتێکی وای پێك هێنابوو کە گیروگرفتی کەمینەکان تێیدا بە چاکیو بەو جۆرەی کەپێویستە گوزارشت لەخۆیان بکەن . لەبەر ئەوە ، بەنەمانی جیهانی دوو جەمسەری، هەموو ئەو گیروگرفتانەی کەدەرفەتی خۆنواندنیان نەبوو، بەتایبەتی گیرو گرفتی کەمینەکان، بەتوندی سەریان هەڵدا.

ئەم نامیلکەیە دوو لێکۆڵینەوەی بەخۆوە گرتووە کەبەشێوەیەکی زانستیانە نوسراون ، یەکێکیان لەرۆڵی ناسیۆنالیزم وەك ئامرازی مەعنەویی خەباتی کەمینەکان دەدوێو ئەوی تریان لایەنێکی پراکتیکیی هەیەو زیاتر بۆ گیرو گرفتی کەمینەکانی ئاسیاو ئەفریقیا تەرخان کراوە، لەو روانگەیەوە کەئەم دور قاڕەیە زۆرترین گیروگرفتی کەمینەیان لەجیهاندا گرتۆتە خۆ.

گیروگرفتی کەمینەکان لەوڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا

سیروان عارف

بەرایی

ریشەی گیروگرفتی کەمینەکان بۆ سەدەی حەڤدەهەم دەگەڕێتەوە، کاتێك گیروگرفتەکە بەرگێکی دینی لەخۆوە پێچابو((١)). لەو کاتەدا چەوسانەوەی دینی، گەوهەری گیروگرفتی کەمینەکانی پێکدەهێنا. بەڵام لەرەوتی گەشەکردنی گشتیدا، گیروگرفتەکە روخسارێکی تری بەخۆوە گرت. پاش یەکەم جەنگی جیهان گیروگرفتی کەمینەکان زۆر بەگەرمو گوڕی هاتە پێش بەتایبەتی کە لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتە دۆڕاوە فرەنەتەوەکان بوە هۆی پەیدابونی دەوڵەتی تازەو کێشانی سنوری دەولی تازە بەبێ گوێدانە لەتوپەتبونی کەمینەکان. لەئەنجامی ئەمەدا چەند دەوڵەتێك پەیدا بون کە لەنەتەوەیەکی سەردەستو کەمینەیەك یا چەند کەمینەیەکی بندەست پێکهاتبون.

لەساڵانی پاش برانەوەی دوەم جەنگی جیهان، گیروگرفتی کەمینەکان خاوبونەوەیەکی کاتیی بەخۆوە بینی بەڵام لەسەرەتای پەنجاکاندا جۆشی سەندەوەو تا ئێستا وەك گیروگرفتێکی بەتینو تاوی کاریگەر ماوەتەوە.

بەشێکی زۆری ئەو گیروگرفتە بەرۆکی وڵاتە پاشکەوتوەکانی گرتوە بەتایبەتی وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا. ئەمەش هۆی تایبەتی خۆی هەیە کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین پەردەی لەسەر داماڵین.

دیالەکتیکی پەیوەندی نێوان ناوەندو کەمینەکان

لەبەر ئەوەی زۆربەی وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا پێشینەیەکی دێرینی دیموکراسییان نیەو تەنانەت هەندێکیان تا ئێستا دیموکراسییان وەك رژێمێکی سیاسی بەخۆوە نەدیوە، زۆربەی جار دەبینین ناوەندو کەمینەکان لەیەکتری بەگومان کەوتون. کەمینەکان بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدەدەن ناوەند بەرەو سەلماندنی مافی خۆبەڕێوەبردن بەرن کەمافێکە، کەم تا زۆر، لەشوێنێکەوە تا شوێنێکی دی جیاوازی هەیە. ناوەندیش لەبەر نەچەسپانی دابو نەریتی دیموکراتی، لەوە دەترسێ دەوڵەت بەسەلماندنی مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ کەمینەکان بەرەو پوکانەوە بچێ.

ئەگەر نمونە بۆ ئەم بۆچونە بدۆزینەوە، دەردەکەوێ کە لەزۆربەی وڵاتە فرەنەتەوەکانی ئاسیاو ئەفریقیا دردۆنگی‌یەك لەنێوان ناوەند (Hartland)و کەمینەکاندا هەیە. بۆ نمونە، نەیجریا بەسەر ٣ گروپی کۆمەڵایەتیدا دابەش بوە کەبریتین لەهاوسا-فولانی، ئیپۆو یۆروبا. هاوسا-فولانی بەشێوەیەکی سەرەکی لەباکوردا نیشتەجێن، ٥٠٪ ی سەرجەمی دانیشتوان پێکدێنن و ٦٧٪ ی روپێوی دەوڵەت داگیر دەکەن، خێڵەکانی ئیپۆش لەرۆژهەڵاتدا دەژین و یۆروبا لەناوەڕاستو رۆژئاوا((٢)).

وردبونەوە لەشێوەی خۆبەڕێوەبردن و روخساری سیاسیی دەوڵەت دەری دەخا کەژمارەی‌یەکە کارگێڕی‌یەکان، چ لەسەردەمی پێش سەربەخۆبوندا چ لەسەردەمی پاش سەربەخۆبون، بەردەوام لەگۆڕاندا بوە. لەساڵانی ١٩٣٨، ١٩٥٤، ١٩٦٧، ١٩٧٦، ١٩٧٩ دا ژمارەی یەکە کارگێڕی‌یەکان زیاد کرا. ئەوەش بەڵگەیە کە لەو ماوەیەدا هەندێ لایەن هەوڵیان دا ژمارەی ولایەتەکان لە ١٩ ولایەتەوە بکەنە ٥٠ ((٣)).

وردبونەوە لەسنوری پێشنیار کراوی ولایەتە تازەکان یا سنوری دەسەڵاتی ئەنجومەنە ئیقلیمیەکان دەری دەخا کەهەوڵ دراوە جۆرە پێکەوە گونجانێك لەنێوان ئەو سنورانەو چۆنێتی دابەشبونی کۆمەڵایەتی ناوچە پەیوەندیدارەکاندا پەیدا بکرێ[٤]. کاتێك هەوڵدرا سنور بەبێ گوێدانە چۆنێتی دابەشبونی جوگرافیی گروپە کۆمەڵایەتیەکان بکێشرێ، نەیجیریا تێوەگلاو لەگیروگرفتدا رۆچو. کودەتایەك کەساڵی ١٩٦٦ مێژەر کادۆنا رابەرایەتی کرد، حکومەتێکی بەسەرۆکایەتیی جەنرال ئیرۆنسی پێکهێنا کەرژێمی فدرالی هەڵوەشاندەوەو نەیجیریای کردەوە بەدەوڵەتێکی ناوەندی. ئەمەش هەرایەکی زۆری لەناوچەکانی باکوردا نایەوە[٥]. ئەگەرچی پاش روخاندنی حکومەتی ئیرۆنسی، نەیجیریا کرایەوە بەدەوڵەتێکی

فدرال بەڵام ئەمە بۆ چارەکردنی گیروگرفتی کەمینەکان دادی نەدا.

لەنەیجیریا لادانەوە بەلای لامەرکەزیەتدا نەبوە ڕێگر لەبەردەم هەوڵی جیاخوازیدا. نەیجیریا دو هەوڵی وای بەخۆوە بینی، یەکێکیان لەبیافراو ئەوی تریان لەناوەڕاستی ناوچەی ڕۆژئاوا. هەوڵی جیابونەوەی هەرێمی بیافرا سێ ساڵی خایاند. بەڵام ئەوی تریان کەیۆروباکان بەرپایان کرد ماوەیەکی کەمی خایاند. ناوەند تا دەستی بەسەر بیافرادا گرت، کوشتارێکی زۆری لێکەوت. زیانەکان بەهەزاران کوژراو تەقدیر دەکرێن[٦].

بەڵام تا ئێستا هەوڵدانی ناوەند بۆ کەمکردنەوەی ناوچەگەرێتی سەری نەگرتوە. ئەوە بەڵگەیە کەبەشداربونی پێنج حزبە سەرەکیەکەی نەیجیریا لەهەڵبژاردنەدا دەری خست کەخەڵکی هەر ناوچەیەك پشتیوانی لەرێبەری ئیقلیمی خۆیان دەکەن، ئەگەرچی لەهەڵبژاردنی ١٩٧٩دا حزبی نیشتمانیی نەیجیریا سوکە سەرکەوتنێکی لەسەر ئاستی هەمو نەیجیریا بەدەست هێنا.

نەخشەی ژمارە ١
گروپە کۆمەڵایەتی‌یەکانی نەیجیریا



لەنەیجیریا هاوسا–فولانی وەك گەورەترین گروپی کۆمەڵایەتی ٥٠٪ ی سەرجەمی دانیشتوان پێکدێنێو ٦٧٪ ی خاکی وڵات داگیر دەکا، لەکاتێکدا خێڵەکانی ئیپۆو یۆروبا بەهەردوکیان ٣٣٪ ی سەرجەمی دانیشتوانن.

لەئۆگەندەش ناوچەگەرێتیی خێڵەکی نەخشێکی گرنگ لەدەوڵەتدا دەگێڕێ. لەوێدا دابەشبونی ستونیی ناو خێڵەکان

لەدابەشبونی ئاسۆیی گرنگترە چونکە ململانێی ناوخۆی گەلانی نیلۆو بانتو لەململانێی نێوانیان توندو تیژترە. بەڵام بۆ ئۆگەندە مەسەلە سەرەکیەکە بریتیە لەنەخشی باگەندە لەدامەزراندنی دەوڵەتداو وردە وردە وەرچەرخانی پێکهاتنی فدرالیانەی ئۆگەندە بەرەو ناوەندێتی. باری ئۆگەندە لەهی وڵاتانی تر جیایە. لەئۆگەندە کەمینەکان دەستیان بەسەر دامەزراوی سوپاییدا گرتوەو لەبری ئەوەی داوای لامەرکەزیەت بکەن داوای مەرکەزیەت دەکەن. هەندێ ئەم مەسەلەیە وا لێکدەدەنەوە کە لەئۆگەندە کەمینەکان لەناوچە سنوریەکاندا دەژین‌و دەستیان بەسەر سوپادا گرتوە کەچی زۆرینە لەناوەندا دەژی‌و دەستی بەسەر کاروباری دەوڵەتیدا گرتوە(٧). بەشێك لەهۆکانی ئەم مەسەلەیە لەئۆبالی ملتۆن ئۆبۆتیدایە کەدەسەڵاتی لەباگەندە زەوتکردو پشتی بەکەمینەی لانگۆ بەست. ئیدی ئەمینیش هەمان نەخشی گێراو سوپای خستە دەست خێڵە باکوریەکانی وەك ئەجولی، لانگۆ، نۆبی‌و نیلیەکانی رۆژئاوا.

پەیوەندیی گرژی نێوان کوردو حکومەتەکانی ئەو دەوڵەتانەی تێدا دەژین دەری دەخا کە تا چ رادەیەك هەوڵی ناوەند بۆ بەزۆر سەپاندنی مەرکەزیەت گێروگرفت دەنێتەوە. عیراق نمونەی ئەو وڵاتەیە کە بەزۆر پێ لەسەر مەکەزیەت دادەگرێ. عیراق ساڵی ١٩٢١ دامەزراو بەفیتی بریتانیە ناوچەیەکی کوردنشینی بەرکەوت. کورد لەعیراقدا بەپێی ساڵی ١٩٥٧، ١٦,٤٥٪ ی سەرجەمی دانیشتوان پێکدێنێ، عیراق تەنها لەساڵی ١٩٧٠دا پاش ٩ ساڵ شەڕ، دانی بەمافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد نا بەڵام ساڵی ١٩٧٤ قانونێك کەعیراق بەناوی قانونی ئۆتۆنۆمیەوە دەریکرد هیچ دەسەڵاتێکی راستەقینەی بۆ کورد نەهێشتەوە. بێ لەوە، ناوچەیەك کەگوایە بۆ ئۆتۆنۆمیی کورد تەرخان کرابو کەمتر لەنیوەی ناوچەی کوردنشینی پێکدەهێنا. پەیوەندیی کوردو ناوەند لەبەر پێداگرتنی ناوەند لەسەر نەسەلماندنی ئەندازێکی فراوانتری لامەرکەزیەت تا ئێستا بەگرژی ماوەتەوە.

ئەم مەسەلەیە لەئێرانیش وایە. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، لەفارس (٤٥,٦٪)، ئازەر (١٦,٨)، کورد (٩,١)، عەرەب (٢,٢٪)و هی تر پێکدێ(٨). لەساڵانی پاش برانەوەی دوەم جەنگی جیهان کوردو ئازەر سودیان لەباری ناوخۆیی‌و دەولی وەرگرت‌و دو کۆماریان لەکوردستان‌و ئازەربایجاندا دامەزراند. بەڵام هەردو کۆمار جوانەمەرگ بون. ناوەند پاش ساڵێك لەدامەزراندنیان، هەردوکیانی لەبەریەك هەڵوەشاندەوەو دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەردو هەرێمدا سەپاندەوە.

باری ئێران جیاوازیی لەگەڵ وڵاتانی تردا هەیە. فارس زۆرترە بەڵام ئێران هەمیشە هەوڵیداوە وەك دەوڵەتێکی ناوەندی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە هیچ مافێکی بۆ گەلەکانی نەسلماندوە. تەنانەت دەستوری ئێران دان بەبونی کەمینەی نەتەوەییدا نانێ بەڵکو تەنها باسی کەمینەی دینیی ناموسڵمان دەکا(٩). هەر هەوڵدانێك لەلایەن گەلانی ئێرانەوە بۆ خۆراپسکاندن لەدەسەڵاتی ناوەند زۆر

بەتوندی کپ کراوە چونکە ناوەند وای بۆ دەچێ کەسەلماندنی داواکاری هەر کەمینەیەك کەمینەکانی تریش دەوروژێنێ.

پاکستانیش هەمان گیروگرفتی ئێرانی هەیە. بنچینەی جیابونەوەی پاکستان لەهندستان بۆ جیاوازیی دین دەگەڕێتەوە. پاکستان وەك ولاتێکی موسڵمان لەولاتێکی ناموسڵمان جیابۆوەو یەکەم دەستوری باسی ئەوە دەکا کە((ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە دەرفەت بۆ موسڵمانەکان برەخسێنێ تا-تاك تاكو بەکۆمەڵ- ژیانو گوزەرانی خۆیان بەپێی بیروباوەڕی ئیسلام، بەو جۆرەی کە لەقورئانو سوننەتی پێغەمبەردا هاتوە، رێك بخەن))[١٠]. لەکاتێکدا دین هەمو پاکستانییەکانی بۆ جیابونەوە لەهندستان یەکسخت، فرەرەگەزی لێکی ترازاندن. لەپاکستاندا پەنجابییەکان ٥٧,٦٪ ی سەرجەمی دانیشتوان پێکدێننو سوپاو پۆستە گرنگەکانی دەوڵەت پاوان دەکەن بەلام بێجگە لەئەوان ٣ نەتەوەی تر هەن کەبریتین لەسندییەکان (٢١,٥٪)، پەشتۆ (٨٪)و بلوچ (٤٪). پاکستان تا ئێستا بەلای لامەرکەزیەتدا نەچووەو لەسیاسەتی ناوخۆییدا هەر هەوڵێکی کەمینەکان بۆ خۆپاراستن لەدەسەلاتی ناوەند بەهەڕەشە بۆ سەر یەکگرتوییی دەوڵەت دەزانێ. لەبەر ئەوە سیاسەتی ناوەند سەبارەت بەداواکاریی کەمینەکان سیاسەتێکی زۆر توندە. تەنانەت لەکاتی راپەڕینی بلوچەکاندا پاکستان هانای بردە بەر شای ئێرانو داوای لێکرد هێز بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینەکە بنێرێتە بلوچستان[١١]. ئەم سیاسەتە توندە ناوەندو کەمینەکان لێك خانە گومان دەکا.

بەلام لەهندستاندا مەسەلەی لامەرکەزیەت زۆرتر چۆتە پێش. هندستان بۆ جڵەوگرتنی گرژییە دینیو رەگەزیەکان، باش سودی لەمیکانیزمی لامەرکەزیەت وەرگرتوە. لەهندستاندا ١٦٥٢ زمان هەیە کەدەستور بەرەسمی دانی بەپازدە زماندا ناوە، ٧٣٪ ی دانیشتوان بەزمانی هندی قسان دەکەنو نزیکەی ٢٤٪ بەکۆمەڵێك زمانی دراڤیدی[١٢]. ئەو هەمو زمانە زۆرە سروشتی گیروگرفتەکانی هندستان دەردەخا چونکە تەنانەت زمانی هندیش کەگوایە زمانی زۆرینەیە نەیتوانیوە خۆی بەسەر زمانەکانی تردا بسەپێنێ. پاش راگەیاندنی سەربەخۆییی هندستان دەوڵەت بەپێی سنوری زمانەکان کرایە ٢٢ ولایەت. بەلام زۆربەی ولایەتە فرەنەتەوەکان لارییان لەم جۆرە دابەشکردنە هەبو وەك ولایەتی مدراس. ئەمەش لەدواییدا حکومەتی ناچار کرد ولایەتی ئەندارا لەمدارس جودا بکاتەوە.

هندستان نمونەی ولاتێکە کەمافی کەمینەکانی لەسەر پێودانگی لامەرکەزیەت سەلماندوە کەچی ئەمەش هەر دادی نەداوە چونکە تا ئێستا چەندین هەرێم هەن کەهەوڵی جیابونەوە دەدەن وەك ئاسامو پەنجاب (سیخەکان). جولانەوەیەکی سیاسیش لەناو کشمیرو جامۆ بۆ جیابونەوە هەیە.

کەچی ولاتێکی وەکو سریلانکا هەوڵی نەداوە سود لەئەزمونی هندستان وەرگرێو لەئەنجامدا ململانێی نێوان تامیل (١٢,٦٪)و سنهال (٧٤٪) باری ناوخۆی ولاتی شێواندوە.

مۆزاییکی فرەڕەگەزی

ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی دنیا لەچەندین رەگەزو تایفە پێکدێن بەلاّم وەك دەستورێکی گشتی دەرکەوتوە کەچەند دەوڵەت کەم رەگەزتر بێ ئەوەندە بێ گیروگرفتتر دەبێ. ئەگەر دەوڵەتانی ئەفریقیای رۆژئاواو ناوەراست بەنمونە بێنینەوە، دەبینین ئەم دو ناوچەیە لەزیاتر لە ١٥٠٠ گروپی نەتەوایەتی (رەگەزی) پێکدێن کەهەریەکێکیان تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە. لەم دو ناوچەیەدا کەژمارەی دانیشتوانیان ناگاتە ٨٠ ملیۆن کەس زیاتر لە ٦٠٠ زمان هەیە[١٣]. دیارە ئەمەش گیروگرفتێکی زۆر دەنێتەوە.

پاکستانیش نمونەی ولاتێکی فرەرەگەزی پڕ گیروگرفتە. لەسەرەتای دامەزراندنی پاکستاندا، دەوڵەت لەدو لەتی رۆژهەلاّتو رۆژئاوا پێکدەهات. بونی ئەم دو لەتە بەدەوڵەتێکی یەکگرتو شتێکی نائاسایی بو. لەڕوی نژادەوە، لەتی رۆژهەلاّت لەهندییە بۆرماییەکانی تێکەلاّو لەگەڵ بەنگالەکاندا. پاکستان ئەوساو ئێستاش وەك مۆزاییکی هەمەڕەنگ وایە.

بێجگە لەپاکستان، ئەفغانستانیش وایە. ئەفغانستان لەچوار نەتەوە پێکدێ کەگەورەترینیان پەشتۆیە، رێژەیان دەگاتە ٦٠,٥٥٪ ی سەرجەمی دانیشتوانو بەزمانی پەشتویی دەدوێن. ئێستا ئەم زمانە شان بەشانی زمانی فارسی، زمانی رەسمیی ئەفغانستانە. لەبەر هەمو ئەمانە، تا روخانی رژێمی نەجیبوڵلاّ دەتوانرێ پەشتۆ بەگەلی سەردەست بژمێردرێ. نەتەوەی دوەم تاجیکە کە ٢٠٪ ی سەرجەمی دانیشتوان پێکدێننو بەزمانی داری دەدوێن کەزمانی دو سێیەکی خەڵکی ئەفغانستانە[١٤]. تەنانەت ئەوەندە تاجیکەی لەئەفغانستاندا هەیە ئەوەندە لەخودی کۆماری تاجیکستاندا نیە[١٥]. نەتەوەی سێیەم ئۆزبەکە کەرێژەیان لە ١٠٪ ی سەرجەمی دانیشتوان کەمترە. هی چوارەم هازارایە کە ٨٪ ی خەڵکی ئەفغانستان پێکدێننو ریشەیان دەچێتەوە سەر مەغۆل بێ لەوانە، چەند کەمینەیەکی تر هەیە وەك تورکمان، بلوج، نوریستانی، ئیماق، قەرغیز، کازاكو غەلزە کەسەرجەمی هەر هەمویان ٥,٣٪ ی سەرجەمی دانیشتوانە. بەمجۆرە ئەفغانستانیش مۆزاییکێکی سەیر پێکدێنێ.

چینیش ولاتێکی فرەنەتەوەیە. ئەوە بەڵگەیە کەپارتی کۆمۆنیست دانی بەبونی ٤٥ نەتەوەدا ناوە کەگەورەترینیان نەتەوەی هانە[١٦].

ئەم جۆرە فرەڕەگەزییە لەزۆر ولاتدا لەبەر ئەوەی سیاسەتێکی توند بۆ چارەسەر کردنی پیادەکراوە، سەرەنجامی یەکجار خراپی هەبوە.

فرەڕەگەزی لەولاتێکی وەکو بۆرما، لەبەر پیادەکردنی سیاسەتی چەوت سەبارەت بەمەسەلەی کەمینەکان، مایەی هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆیی سەخت بوە. بۆرما بۆ خۆی مۆزاییکێکی سەیرە. لەو ٢٨ ملیۆن کەسەی سەرجەمی خەڵکی بۆرما پێکدێنن، تەنها ١٩ ملیۆن بۆرمایین. ئەو ٩ ملیۆنەی دەمێننەوە، بەسەر چەند کەمینەیەکی جۆراوجۆردا دابەش بون وەك شین، کارین، شانو کاشین[١٧].

لەدنیادا هیچ ولاتێك ئەوەندەی هندستان نەتەوەو رەگەزو دینو تایفەو زمانی نیە. ئەگەرچی ئەم هەمەجۆرییە لەرادەبەدەرە کاردەکاتە سەر باری ناوخۆی هندستان، بەلام ناوەند بەوەململانێکانی سڕ کردوە کەپەیڕەوی میکانیزمی لامەرکەزیەتی کردوە.

یەکێ لەو گیروگرفتە سەختانەی بەرۆکی ولاتانی ئاسیاو ئەفریقیای گرتوە گیروگرفتی تایفەگەریو عەشیرەتگەریە. لەولاتێکی وەکو لوبناندا تێکڕای گەل بەسەر چەند تایفەیەکدا دابەش بوە کەهیچیان بەتەنها زۆرینە پێکناهێنێ.دانیشتوانی لوبنان بەسەر مارۆنیەکانو دروزو سننەو شیعەو ئەرمەندا دابەش بون. بۆ هێشتنەوەی دەوڵەتیش بەیەکگرتویی، پۆستە سەرەکییەکانی رژێمی سیاسی بەسەر تایفە گرنگەکاندا دابەش کراون. بەمجۆرە، لەوێ سەرکۆمار دەبێ مارۆنی بێ، سەرەك وەزیران سننەو سەرۆکی پەرلەمان شیەعە. بەلام ئەمەش رێی لەبەرپابونی جەنگ لەنێوان تایفەکاندا نەگرت.

لەبەشێکی زۆری ئەفریقیا عەشیرەتگەری بەشێوەیەکی سەیر تێکەلاوی سیاسەت دەبێو کۆسپ دێنێتە بەر رێی لێك نزیکبونەوەی نەتەوەکان. لەئەفریقیا سەرچاوەی گێرەشێوێنیو گێچەڵو جولانەوەی جیاخوازی، خێڵە. ئەوە بەڵگەیە کەلەبۆرۆندیو رواندا شەڕی سەخت لەنێوان خێڵەکانی یوروباو توتسی رویدا. لەنەیجیریاش کەمینەکان هەستیان دەکرد دانویان لەگەڵ هاوسا-فولانیدا ناکوڵێ. لەزائیریش هەوڵی هەرێمی کاتانگا بۆ جیابونەوە نەخشی خێڵ لەژیانی سیاسیدا دەردەخا.

نەخشی ئاین لەگیروگرفتی کەمینەکاندا

بونی ئاسیا بەلانکەی دینە مەزنەکانی دنیاو مانەوەی بەشێکی زۆری خێڵەکانی ئەفریقیا لەسەر بت پەرستی، کارێکی زۆری کردۆتە سەر مەسەلەی کەمینەکان. زۆربەی گەلانی ئاسیاو ئەفریقیا لەڕوی کۆمەلایەتیەوە بەجێماونو ئاستی رۆشنبیرییان نزمە. ئەمەش زەمینەیەکی لەبار بۆ توندڕەویی دینی سازدەکا.

فراوانترین دینەکانی ئاسیا، بەپێی ژمارەی مریدەکانیان، بریتین لەهندۆسی، کۆنفۆشیوسی، ئیسلام، بودایی، تاوسی، فەلەتیو هی تر. لە باکوری ئەفریقیاش ئیسلام باوەو لەئەفریقیای خوار بیاباندا فەلەتیو بت پەرستی.

لەولاتێکی وەکو هندستاندا فرەدینی، نەخشێکی سەرەکی لەگیروگرفتەکاندا دەگێڕێ. خودی جیابونەوەی پاکستان لەسەر بنچینەی دین بو. لەپاکستان کەمینەیەکی بەژمارە کەمی هندۆسی هەیە بەلام لەهندستاندا کەمینەیەکی بەژمارە زۆری موسڵمان هەیە کەهەمیشە لەگەڵ هندۆسو سیخەکاندا ناتەبان. دابەشبونی تایفەکانی هندستان بەپێی دین بەمجۆرەیە: هندۆس ٨٣٪ و موسڵمان ١٠,٩٦٪[١٨].

لەسریلانکاش ململانێی نێوان تامیلو سنهال دوراییەکی دینیی هەیە چونکە تامیل هندۆسو سنهال بودایی.

بەلام دیارترینو دو کەمینەی دینی لەئاسیاو ئەفریقیا کەمینەی موسڵمانە لەفلیپینو کەمینەی فەلە لەباشوری سودان.

نزیکەی ٧,٥ ملیۆن موسڵمان لەدورگەکانی خواروی فلیپیندا دەژین[١٩]، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی فلیپین فەلەن. داشکاندنی کەمینەی موسڵمانی فلیپین بەلای خۆجیا کردنەوەدا، بۆ سالانی پێش سەربەخۆیی دەگەڕێتەوە. لەڕوی رەگەزەوە موسڵمانو فەلەکان هیچ جیاوازییەکیان نیەو هەردوکیان هاونژادو هاوزمانن.

پاش سەربەخۆیی فلیپین لەساڵی ١٩٤٦دا ناوەند گرنگییەکی ئەوتۆی بەکەمینەی موسڵمان نەداو وردە وردە موسڵمانەکان چونە سەر ئەو باوەڕەی کەناوەند دژایەتیان دەکا. لەکۆتایی چلەکاندا ناوەند رێیدا هەڵبژاردن لەناوچە موسڵمان نیشینەکان سازبکرێ. ساڵی ١٩٤٧ هەرێمی موسڵمان نشینی مۆرۆ تەنها ٣ ئەندامی لەئەنجومەنی پیرانو ٣ نوێنەری (لەسەرجەمی ١٢٠ نوێنەردا) لەپەرلەماندا هەبو[٢٠]. یەکەم هەوڵی جددی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی کەمینەی موسڵمانی فلیپین ساڵی ١٩٧٦درا، کاتێك فردیناند مارکۆسی سەرکۆماری فلیپین لەژێر گوشاری رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامیو لیبیا رازی بو ئۆتۆنۆمی بۆ ١٣ ولایەتی موسڵمان نشین بسەلمێنێ. بەلام ئەم هەوڵە سەری نەگرت. لەسەردەمی حکومەتی خانم ئەکینۆ، موسڵمانەکان داوای ئۆتۆنۆمییان بۆ ٢٣ ولایەت کرد، کەچی ئەکینۆ بەتەمابو ئۆتۆنۆمی تەنها بۆ ٥ ولایەت بسەلمێنێ.

لەسودان گیروگرفتەکە بەپێچەوانەوەیە،واتە کەمینەیەکی فەلە لەژێر دەسەلاتی زۆرینەیەکی موسڵمان دایە. لەسودان فەلەکان (هەروا بت پەرستەکان) لە ٣ هەرێمدا نیشتەجێن کەبریتین لەملکال، واوو گوبا ساڵی ١٩٧٢ جەعفەر نومەیریی سەر کۆماری سودان بەپێی پەیمانی ئەدیس ئەبابا، ئۆتۆنۆمی بۆ ٣ هەرێمەکەی باشور سەلماند. بەلام ساڵی ١٩٨٣ ئەو هەرێمەی ناونرابو باشوری سودان، دیسان بەسەر ٣ پارێزگادا دابەش کرایەوە. ئەمەش بەمانای سەندنەوەی ئۆتۆنۆمی دەهات. ساڵی ١٩٨٣ بەیاننامەی سوپای رزگاریی گەلی سودان ئاوا هۆکانی هەڵگیرسانەوەی جەنگی باشوری دستنیشان کرد: هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی ئەدیس ئەبابا، هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێم،

سەپاندنی قانونی ئیسلام بەسەر باشوری ناموسڵماندا، دزینی داهاتی هەرێم لەدرەختو دانەوێڵەو ئاوو کانزا[٢١].

مەسەلەی باشوری سودان بێجگە لەوەی کەدوراییەکی دینی هەیە، دوراییەکی نژادیشی هەیە چونکە باشوریەکان زنجینو باکورییەکان عەرەب یاخود لەژێر تەئسیری کەلتوری عەرەب دان. لەبەر ئەوە گیروگرفتی باشوری سودان بەگیروگرفتێکی نژادی-دینی دەژمێردرێ. وەرچەرخان بەلای فدراسیۆندا بەو جۆرەی وتووێژی ئەم دواییە دەسنیشانی کردوە، بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکە هەنگاوێکی گرنگە.

دیارە دوراییی دینی، گیروگرفتی کەمینەکان ئاڵۆزتر دەکا. ئەگەر ئێران بەنمونە وەرگرین،دەبینین کوردو بلوچ بێجگە لەوەی کەدو کەمینەی نەتەوەیی چەوساوەن، دو کەمینەی تایفەگەریشن چونکە زۆربەی زۆری دانیشتوان شیعەن (٩١٪)و تەنها کوردو بلوچ سننەن (بەهەر دوکیان ٩٪ ی سەرجەمی موسڵمانان پێکدێنن)[٢٢].

لەمالیزیاش خەریکە دین نەخشێکی فراوانتر لەمەسەلەی کەمینەکاندا دەگێڕێ. زۆربەی خەڵکی مالیزیا موسڵمانن، رێژەیان دەگاتە ٥٣٪ ی کۆی دانیشتوانو بەرەگەز مەلایۆیین. رێژەی باقی دینەکان بەجۆرەیە: فەلەتی ٦,٥٪، هندۆس ٧,١٪، بودایی ١٧,٤٪و ئاینەکانی تر ١٦٪. دیاردەی فرەدینی خۆی لەخۆیدا بەگیروگرفت دانانرێ بەڵام گیروگرفتەکە لەوەدایە کەدین خەریکە وەك ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی لەململانێی حزبایەتیدا بەکاردێ. بێ لەوە، مەلایۆییەکان بەرە بەرە بیرێکی وایان لا گەڵاڵە دەبێ کەوا خەریکە دەبنە کەمینە. ئەو ناتەباییەش کە لەنێوان مەلایۆو چینییە مالیزیەکاندا هەیە مەلایۆ بەرەو ئەوە دەبا کە لەم ململانێیەدا پەنا بەرنە بەر ئیسلام. بەڵام بێجگە لەموسڵمانەکان، فەلەکانیش خەریکن بۆ خۆپاراستنو بەکارهێنانی دین لەململانێدا، پەنا دەبەنە بەر دینی فەلەتی. بەجۆرە، لەکاتێکدا لەناو موسڵمانەکاندا حزبی وەك پارتی ئیسلامی (پاس)، پارتی موسڵمانەکان (حامیم)و بەرەی موسڵمانان (برجاسا) پەیدا بوە[٢٣]، لەناو فەلەکاندا رێکخراوی وەك یەکێتیی فەلەکانی مالیزیا، بزوتنەوەی خوێندکارە فەلەکانو کۆمەڵەی لاوانی فەلە سەری دەرهێنا[٢٤].

پاشکەوتنی کۆمەڵایەتی

مەسەلەی نزمیی ئاستی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی لەوڵاتانی ئافرۆ-ئاسیایی بێ لەوەی کەگیروگرفتێکی گشتییە بەشێوەیەکی خراپیش کاری کردۆتە سەر هەڵوێست لەمەسەلەی کەمینەکان.

کاتێك بریتانیە لەهندستان کشایەوە، تەنها ١٨٪ یا ١٩٪ ی خەڵکی هندستان خوێنەوار بون[٢٥]. ئەمەش رێژەیەکی یەکجار نزمە. ئەوە بەڵگەیە کە لەوڵاتە پێشکەوتوەکاندا رێژەی نەخوێنەوارانی بەتەمەن لە ١٥ ساڵ سەربەرەو خوار لە ٣-٤٪ تێناپەڕێ کەچی ئەم رێژەیە لەرۆژهەڵاتی دوردا دەگاتە ٥٠٪[٢٦].

هەر لەم بوارەدا ئەفریقیا بە بەدخت ترین ولاٚتی دنیا دەژمێردرێ چونکە نیوەنجی ڕێژەی نەخوێنەوارانی دەگاتە ٨٠٪ و لەئەفریقیای ناوەڕاستو ڕۆژئاواو ڕۆژهەلاٚتدا ٥٪ ی خەلٚکانی بەتەمەن خوێنەوارییان هەیە[٢٧].

دیارە دیاردەیەکی ئاوا، تەئسیری خراپی دەبیٚو دابەشبونی کەلتورو خوێنەواریش بەسەر چینە کۆمەلاٚیەتیەکاندا دابەشبونێکی وەکیەك نابیٚ. چینە دەولٚەمەندەکانو بورژوازی‌یە مام ناوەنجی‌یەکان پشکێکی باشیان لەکەلتورو خوێنەواری بەردەکەویٚو چینە هەژارەکان تا ئەندازێکی زۆر لەکەلتور بێبەش دەبن. ئەم دابەشبونە نایەکسانەی کەلتور بەتەنها چینە کۆمەلاٚیەتیەکان ناگرێتەوە، بەلٚکو دابەشبونی کۆمەلٚیش بەسەر ژنو پیاودا دەگرێتەوە. لەزۆربەی ولاٚتانی ئافرۆئاسیایی‌دا ژن لەهەمو بوارێکەوە لەپیاو بێبەشترە، ئەمەش رونتر لەمەسەلەی خوێندن‌دا دەردەکەویٚ. بۆ نمونە لەولاٚتێکی وەکو هندستاندا لەکاتێکدا ڕێژەی خوێندەواری نێر دەگاتە ٣٩,٥٪، هی خوێنەوارانی میٚ لە ١٨,٥٪ تێناپەڕیٚو لەکاتێکدا ڕێژەی خوێنەوارە شارنشینەکانی نێر دەگاتە ٥٢,٤٨٪، هی خوێنەوارە لادیٚ نشینەکانی میٚ لە ٣٣,٥٪ تێناپەڕیٚ[٢٨].

زۆربەی ولاٚتانی ئاسیاو ئەفریقیا ولاٚتی کشتوکالٚی‌ی پاشکەوتون کەزۆربەی دانیشتوانیان بەکشتوکالٚەوە خەریکن[٢٩]. ئەو کشتوکالٚەش کەئەوان پێوەی خەریکن، زۆربەی جار بەڕێوشوێنی کۆن ئەنجام دەدریٚو بەپیشەسازی کردنی کشتوکالٚ هێشتا لەئاستێکی بالاٚدا نیە. بیٚ لەوە، داهاتی نەتەوەیی‌ی تاکە کەس لەزۆربەی ئەو ولاٚتانەدا نزمە. بۆ نمونە، لەولاٚتێکی وەکو نەیجیریا تەنها ١٠٪ ی دانیشتوان دەستیان بەسەر ٥٠٪ی داهاتی نەتەوەییدا گرتوە[٣٠] و لەهندستان‌دا توێژە هەژارەکانی دانیشتوان تەنها ١,٣٪و دەستە خۆشگوزەرەکان (کە١٠٪ی دانیشتوان پێکدێنن) ٤٠٪ی ئەو داهاتەیان چنگ دەکەویٚ[٣١].

لەهەمو ولاٚتە فرە نەتەوەو تایفەکانی ئاسیاو ئەفریقیادا نەتەوەی سەردەست لەهەمو نەتەوەکانی تر خۆشگوزەرانترەو ڕێژەی خوێنەواری‌ی لەهەموان زیاترە. بەلاٚم لەگەلٚ ئەوەش‌دا ئاستی نەتەوەی سەردەست لەچاو ئاستی ولاٚتە پێشکەوتوەکان ئاستێکی نزمە. بەلاٚم بەشێوەیەکی گشتی، ڕێژەی نەخوێنەواری لەناوچە کەمینە نشینەکان‌دا بەرزترەو کەمینەکان، ئەگەر لەگەلٚ نەتەوەی سەردەست‌دا بەراورد بکرێن، لەکلتوردا زۆر بێبەشن‌و بەشیان لەداهاتی نەتەوەیی‌دا لەهی زۆرینە کەمترە.

ئەم نایەکسانی‌یە کۆمەلاٚیەتی‌یە وای کردوە زۆرینە هەمیشە بەچاوێکی سوکەوە تەماشای کەمینەکان بکا. ئاستی نزمی کەلتوری زۆرینە یا نەتەوەی سەردەست تەگەرە لەتێگەیشتنی خواستی کەمینەکان دەدا. لادیٚ نشینەکان لەبەر دواکەوتنی کۆمەلاٚیەتی‌و هەژاری‌و سەختی‌ی ژیانیان بایەخێکی ئەوتۆ بەمەسەلەی کەمینەکان نادەن‌و بەردەوام لەژێر تەئسیری ناوەندان. لەبەر ئەوە زۆربەی جار لەکاتی ململانیٚ ڕەگەزی‌یەکان‌دا ململانیٚی

نێوان ناوەندو کەمینە لەرەوتی پەرەسەندنیدا دەبێتە ململانێ لەنێوان زۆرینەو کەمینەدا.

لەو وڵاتانەدا لەبەر ریشە داکوتانی دواکەوتنی کۆمەڵایەتیو نزمیی ئاستی رۆشنبیریو لەنگیی بەها دیموکراتییەکانی کۆمەڵ، داواکارییەکانی کەمینەکان بەتوندی رەت دەکرێنەوەو هەوڵ دەدرێ رێ لەکۆششی کەمینەکان بۆ خۆپاراستنو نەتوانەوە بگیرێ. ئەم هەڵوێستە توندەی زۆرینە کەمینەکان زیاتر بەرەو خۆپاراستن دەباو وایان لێدەکا بۆ خۆدەرباز کردن لەستەمی نەتەوایەتی یا تایفەگەری یا دینی، پەنا بەرنەبەر هەندەران.

هەوڵی زۆرینە یا نەتەوەی سەردەست بۆ خۆسەپاندن بەسەر کەمینەکاندا هەمیشە کەمینەکانی وروژاندوە. بۆ نمونە لەتورکیا هەوڵی دێرینەی بەتورك کردنی کورد بێ لەوەی کەبەئەنجام نەگەیشت، گیانی نەتەوەییی کوردیشی سەقامگیرتر کرد. لەئێران هەوڵی بەزۆر سەپاندنی کەلتوری فارسی بەسەر کەمینەکاندا بەردەوام بێزاریی لەناویاندا دروست کردوە. هەمان دیاردە لەسۆماڵو جەزایردا بەدی دەکرێ. لەسۆماڵ هەوڵی بەردەوامی حکومەتی سیادبەری بۆ بەعەرەبکردنی کەلتوری رەسمی، گروپە زمان سەواهیلییەکانی لەناوەند رەنجاندوە. ئەم دیاردەیە لەجەزایریشدا بەدی دەکرێ. لەجەزایر هەوڵی ناوەند بۆ بەعەرەبکردنی هەمو بوارە رەسمیو کۆمەڵایەتیەکان بەبیانوی ریشەکێش کردنی کەلتوری فرەنکۆفۆنی (فەرەنسایی) لەوڵاتدا، ناوەندی بردە سەنگەری دژایەتی کردنی کەلتوری بەربەر. بەربەر بۆ خۆپاراستن لەتوانەوە، کەوتنە بوژاندنەوەی کەلتوری نەتەوەیی خۆیانو ئەلفو بێی لاتینیان بۆ نوسینی زمانی بەربەری هەڵبژارد.

وەك دەردەکەوێ، چەند ناوەند هەڵوێستی توند بەرامبەر بەکەمینەکان بنوێنێ، کەمینەکان زیاتر بەلای خۆپاراستندا دادەشکێن.

نەگونجانی پێکهاتنی ئاسۆییی دانیشتوان لەگەڵ سنوری سیاسیدا

بەشێکی زۆری گیروگرفتی کەمینەکان لەئاسیاو ئەفریقیا بۆ چۆنێتیی کێشانی سنور دەگەڕێتەوە. لەڕاستیدا رێوشوێنەکانی کێشانی سنور لەنێوان وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا وەك یەك: بەشێکی ئەو سنورە بەپێی تەرازوی هێز دامەزراوە وەك سنوری ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەراستو ئەودیوی کافکاس (لەزەمانی روسیای تزاریدا)و لەگەڵ تورکیاو عیراق (لەزەمانی دەوڵەتی عوسمانیدا). بەشێکی تر بەپێی دابەشکردنی وڵاتان لەنێوان دەوڵەتە کۆلۆنیالیستە ئەوروپاییەکاندا پێکهاتوە بەتایبەتی لەئەفریقیا. بەشێکی تر ئەوروپاییەکان نەخشێکی سەرەکییان لەکێشانی دیوە، وەك سنوری میسر-سودان، ئێران-پاکستان، عیراق-تورکیا، پاکستان-ئەفغانستانو هی تر.

لەبەشێکی زۆری وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا سنوری ئەتنۆگرافی لەگەڵ سنوری سیاسیدا رێکناکەوێ. لەئەنجامی ئەمەدا چەند دەوڵەتێکی فرەنەتەوە پەیدا بون کەنەتەوەیەك یا تایفەیەك

دەسەڵاتی دەگێڕیو ئەوانی تر بەپێی پێویست دەسەڵاتیان بۆ نەسلمێنراوە.

نەخشی دەوڵەتە ئەوروپایەكان لەكێشانی سنوردا، لەئەفریقیا چاكتر دەردەكەوێ. ساڵی ١٨٨٤-١٨٨٥ كاتێك كۆنفرەنسی بەرلین بەسترا، هەمو هەرێمەكانی ئەفریقیا بەسەر دەوڵەتە ئەوروپاییە دەسڕۆكاندا دابەش كران بەمجۆرە ئەفریقیا كرایە چەند ناوچەیەكی نفوزو هەر ناوچەیەك بەدەوڵەتێك سپێردرا. هەر دەوڵەتێكی ئەوروپایی لەكێشانی سنوری هەرێمەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا دەستی واڵا بو. بەمجۆرە، كۆلۆنیالیستە ئەوروپاییەكان بەكەیفی خۆیان كەوتنە كێشانی سنور لەنێوان هەرێمەكاندا. بۆ نمونە، دو ناوچە كەپێیان دەوترێ ئەفریقیای ئیستوایی‌ی فەرەنسایی‌و ئەفریقیای رۆژئاوای فەرەنسایی بەسەر ١٤ دەوڵەتدا دابەش كران(٣٢)، دابەشكردنێك كەدەوڵەتە ئەوروپاییەكان ئەفریقیایان پێ كردو، هیچ گوێیان نەدایە گروپە مرۆییەكانی ناوچەكان، لەئەنجامدا هەر خێڵێك یا هەر گەلێك بەسەر ٣ تا ٤ پارچەدا دابەش كرا. لەشەستەكاندا كاتێك رزگاربونی دەوڵەتە ئەفریقاییەكان دەستی پێكرد، وڵاتەكانی ناوچەی فرانكۆفۆن[1] و ئەنگلۆفۆن[2] و پاشان لەحەفتاكاندا وڵاتەكانی ناوچەی لتزۆفۆن[3] سەربەخۆییان بەدەس هێنا.

بەڵام زۆریان پاش سەربەخۆیی، توشی گیروگرفتی كەمینەكان بون چونكە سنوری ئاسۆیی‌ی دانیشتوانیان لەگەڵ سنوری سیاسیاندا نەدەگونجا. ئەمەش بێ لەوەی كەئارامی‌ی لەو دەوڵەتانە هەڵگرت، زۆرجار لەگەڵ دراوسێكانیاندا توشی گێرمەوكێشەی كردن. ئەمە لەنمونەی پەیوەندی‌ی نێوان سۆماڵو ئەسیوپیاو كینیا دەردەكەوێ. سۆماڵ لەوەتەی سەربەخۆیی بەدەستهێناوە، هەوڵی گۆڕینی سنوری سیاسی‌ی دەدا گوایە ئەم سنورە لەگەڵ سنوری ئاسۆیی‌ی دانیشتوانی سۆمالیا ناگونجێ چونكە ژمارەیەكی زۆری بەرەگەز سۆمالی لەئەسیوپیاو كینیا دەژین. بۆ تێگەیشتنی ریشەی ئەم گیروگرفتە دەبێ لاپەڕەكانی مێژو هەڵدەینەوە. ساڵی ١٨٨٧ فەرەنسی‌یەكان بنكەیەكیان لەجیبۆتی دامەزراندو ناوچەكە بوە ناوچەی نفوزی خۆیان. بۆ ساڵی دوایی، فەرەنساو

[1] فرانكۆفۆن Francophon زاراوەیێكە بەو وڵاتانەی ئەفریقیا دەوترێ كە لەكاتی دابەشكردنی ناوچەی نفوزدا بەر فەرەنسا كەوتن‌و ئێستا بەزمانی فەرەنسی دەدوێن.

[2] ئەنگلۆفۆن Angophon زاراوەیێكە بەو وڵاتانەی ئەفریقیا دەوترێ كە لەكاتی دابەشكردنی ناوچە نفوزدا بەر بریتانیە كەوتن‌و ئێستا بەزمانی ئینگلیزی دەدوێن.

[3] لتزۆفۆن زاراوێكە بەو وڵاتانەی ئەفریقیا دەوترێ كەپورتوگال داگیری كردبون وەك ئەنگۆلا، مۆزامبیك‌و هی تر.

بريتانيه خەتی نێوان جيبۆتیو هەرەريان بەسنوری نێوان سۆمالی فەرەنسايیو سۆمالی بريتانی سەلماند. ساڵی ١٨٨٩ ئيتاليا بەرێككەوتن لەگەڵ بريتانيه:

ئەو وڵاتانەی گيروگرفتی كەمينەيان هەيه

ئاسيا	ئەفريقيا
لوبنان	نەيجيريا
توركيا	سودان
عيراق	جەزاير
ئێران	ئۆگەندە
ئەفغانستان	ئەسيوپيا
پاكستان	مۆريتانيا
هندستان	تەنزانيا
سريلانكا	رواندا
فليپين	بۆرۆندی
ماليزيا	
بۆرما	
ئازەربايجان	
چين	
جۆرجيا	

بەندەرەكانی بەراوە، مەركاو مەگەديشۆی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆيەوە، ئەم ناوچەيەش بەسۆمالی ئيتالياييی ناونرا. بەمجۆرە سۆمال كرايە سێ پارچە. بنچينەی ناتەبايیی نێوان سۆمالو ئەسيوپيا بۆ ساڵی ١٨٨٩ دەگەڕێتەوە، كاتێك بريتانيە بۆ پاداشت دانەوەی ئەسيۆپيا كە لەدامركاندنەوەی شۆڕشی خەڵكی سودانی ژێر دەسەڵاتی ئينگليزدا بەشداری كردبو، ناوچەی ئۆگادينو پاشان هودی پێشكەش بەئەسيوپيا كرد[٣٣]. بنچينەی ناتەبايی نێوان سۆمالو كينياش بۆ ساڵی ١٩٢٤ دەگەڕێتەوە، كاتێك لە ١٥ی تەموزدا بريتانيە پەيمانێكی لەلەندەن لەگەڵ ئيتاليا مۆر كرد. بەپێی ئەو پەيمانە، بريتانيە ٣٣,٠٠٠ ميلی دوجای لەناوچەی گوبالاندی دايە ئيتاليا، لەئەنجامدا خەتی ٤١ی درێژی بوە سنوری نێوان سۆمالی ژێر دەسەڵاتی ئيتالياو ناوچەی ئنفری (كينيا). ساڵی ١٩٦٠ سەربەخۆيیی سۆمال لەسەر بناغەی يەكگرتنی هەردو پارچەكەی ژێر دەسەڵاتی بريتانيەو ئيتاليا راگەيەنرا. سۆمال بەبيانوی ئەوەی كەسنوری لەسەر دەستی دەوڵەتە ئيمپرياليستەكان دەستنيشان كراوە، كەوتە داواكردنەوەی سێ ناوچە كەبريتی بون لەئۆگادين (ئەسيوپيا)، جيبۆتی (فەرەنسا)و هەرێمی سنوری باكور (كينيا). سۆمال هەمو ئەو ناوچانەی بەسۆمالی نشين دادەنا. ئەم كێشەيە تا ئێستا مايەی گرژبونی پەيوەندیی نێوان سۆماڵە لەگەڵ ئەسيوپياو كينيا. خشتەيەك لەگەڵ ئەم باسەدا بڵاوكراوەتەوە دەری دەخا كە لەئەسيوپيا ٤٪ ی سەرجەمی دانيشتوان سۆمالينو لەكينيا١٪.

خەتە رەشە ئەستورەکە سنوری ئەو ناوچەیە دیاری دەکا کەسۆمال بەسنوری ناوچە سۆمالی نشینەکانی دادەنێ. بەمجۆرە سۆمال داوای ٣٦٪ی خاکی جیبۆتی، ٢٠٪ی خاکی ئەسیوپیاو ٢٠٪ی خاکی کینیا دەکا.

سنوری نێوان عیراق و تورکیاش لەگەڵ سنوری ئاسۆیی دانیشتواندا رێکناکەوێ. ئەو سنورە کەدرێژییەکەی لە ٣٠٠ کیلومەتر زیاترە، پاش بەلایەکدا خستنی مەسەلەی ولایەتی موسڵ کێشراو خەتی برۆکسل کرایە پێوانەی. لەئەنجامی کێشانی ئەو خەتەدا، کەمینەیەکی کورد لەباکورو باکوری رۆژهەڵاتی عیراقدا پێکهات و کەمینەیەکی تر لەباشورو باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا.

ولاٌت	ناوچەی سۆمالی نشین (بەمیلی دوجا)	رێژەی ناوچەی سۆمالی نشین بۆ هەمو روپێو	ژمارەی خەڵکانی سۆمالی	رێژەی سۆمالییەکان بۆ دانیشتوان
سۆمال هەرێمی باشور هەرێمی باکور جیبۆتی ئەسیوپیا کینیا	٢٤٦٠٠٠ ١٧٨٠٠٠ ٦٨٠٠٠ ٢٠٠٠ ٨٠٠٠٠ ٤٥٠٠٠	١٠٠٪ ١٠٠٪ ١٠٠٪ ٣٦٪ ٢٠٪ ٢٠٪	١٨٨٠٠ ٠٠ ١٢٣ ٠٠٠٠ ٦٥٠٠٠ ٠ ٢٩٠٠٠ ٨٥٠٠٠ ٠ ٩٤٠٠٠	٩٩٪ ٩٧٪ ٩٩٪ ٤٣٪ ٤٪ ١٪

سنوری سیاسیی ئێرانیش لەگەڵ دراوسێکانیدا سنورێکە لەگەڵ سنوری ئیتنۆگرافیدا ناگۆنجێ. ئەمەش وای کردوە ئێران

یەکێ لەدیارترین ئەو وڵاتانەی ئاسیا بێ کەبەدەم گیروگرفتی کەمینەکانەوە دەناڵێنێ. بەشێکی سنوری ئێران لەلایەن بریتانیەوە کێشراوە، بەتایبەتی سنوری لەناوچەی بلوچستاندا.

بریتانیە وەك چۆن لەدابەشکردنی کورد بەسەر تورکیاو عیراقدا دەستپێکی باڵای هەبو، لەپارچە پارچەکردنی بلوچیشدا نەخشێکی سەرەکی گێڕا. ئنگلیزەکان لەکاتی کێشانی سنوری نێوان هندستان-ئەفغانستان-ئێراندا، هەرێمی بلوچستانیان کردە چوار پارچە، سێیەکیان دایە ئێران، بەشێکیان دایە ئەفغانستان،بەشێکیان خستە سەر هندستانو لەبەشێکدا میرنشینێکی ئۆتۆنۆمیان دامەزراند. سنورێك کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەنێوان ئێرانو هندستان (پێش پەیدابونی پاکستان) کێشرا، زادەی خەتی گۆڵدسیمس بو[٣٤]. لەئەنجامدا بلوچ لەهەر ٣ وڵاتدا بونە کەمینە. ئێستا بلوچ لەئێرانو ئەفغانستاندا هێزێکی گەورە یا گیروگرفتێکی مەترسیدار پێکناهێنن بەڵام بۆ پاکستان بونەتە بەشێك لەگیروگرفتێکی کاریگەری جیۆپۆلەتیکی چونکە ناوچە بلوچ نشینەکان ٤٠٪ ی هەمو خاکی پاکستان پێکدێنن[٣٥]. لەماوەی نێوان ١٩٧٣-١٩٧٧دا رژێمی زولفوقار عەلی بۆتۆ بەهەزار فەلاکەت ئنجا شۆڕشی بلوچەکانی دامرکاندەوە. بەتەقدیرات، ئەفغانستان تا شۆڕشەکەی خامۆش کرد، ٣٣٠٠ سەربازی لێ کوژرا[٣٦]و ناچار بو هانا بەرێتە بەر شای ئێران.

نەخشەی ژمارە ٣
گیروگرفتی کەمینەی بلوچ لە پاکستاندا



سنوری دەوڵی نێوان ئێرانو ئەفغانستانو پاکستان، بلوچی بەسەر ٣ پارچەدا دابەشکرد کە لەهەر پارچەیەکدا کەمینە پێکدێنن. بەڵام بلوچ تەنها بۆ پاکستان گیروگرفتێکی جیۆپۆلەتیکی دژوار دەنێنەوە چونکە لەکاتێکدا تەنها ٤٪ی سەرجەمی دانیشتوان پێکدێنن، لەناوچەیەکدا دەژین کە ٤٠٪ی خاکی روبەری پاکستان دەگرێتەوە.

بۆ پاکستان، بلوجستان تاکە گیروگرفت نیە چونکە لەناوچە پەشتۆ نشینەکانیشدا ناتەبایی لەگەڵ ئەفغانستاندا هەیە. ناوچەی پەشتۆ نشین لەپاکستان بەهەرێمی باکوری رۆژهەڵات ناسراوە، تا ساڵی ١٨٣٤ سەر بەئەفغانستان بو. لەو ساڵەدا سیخەکان ئەفغانیان لەهەرێمی پیشەوەر دەرپەراندو دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت. سەرەتای گیروگرفتی سنوری نێوان پاکستانو ئەفغانستان بۆ ساڵی ١٨٩٣ دەگەرێتەوە، کاتێك سێر مۆرتیمر دیوراند سنوری نێوان هندستانو ئەفغانستانی کێشا. ئەو خەتە سنورەی لەنێوانیاندا کێشرا بەخەتی دیوراند (Durand line) ناسراو بوە هۆی بونی پەشتو لەپاکستاندا بەکەمینە. بەڵام لەکاتێکدا پەشتو لەپاکستاندا تەنها ٨٪ی سەرجەمی دانیشتوان پێکدێنن،لەئەفغانستاندا بەنەتەوەی سەردەست دەژمێردرێنو ٦٠,٥٥٪ی سەرجەمی خەڵکی ئەفغانستان پێکدێنن[٣٧]. ئەمەش وایکردوە ئەفغانستان ناوبەناو مەسەلەی پەشتو زیندو بکاتەوەو داوای رەتکردنەوەی خەتی دیوراند بکاتەوە.

کۆبەند:

گیروگرفتی کەمینەکان لەئاسیاو ئەفریقیا ریشەی قوڵی هەیە. زۆربەی وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا بەحەساسیەتەوە دەروانن ئەم گیروگرفتە. دواکەوتنی کۆمەڵایەتیو ئابوریی ئەو وڵاتانەو سەقامگیرنەبونی چەمکە دیموکراتیەکان لەناو کۆمەڵدا، تەگەرەی لەچارەسەرکردنی گیروگرفتی کەمینەکان داوە. زۆربەی ئەو وڵاتانەی گیروگرفتی کەمینەیان هەیە وڵاتی هەژارو دواکەوتون، لەبەر ئەوە لەروی ئابوریەوە نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی کەباری گوزەرانی گەلانیان بگەیەننە باری گوزەرانی وڵاتە پێشکەوتوەکانو لەڕوی کەلتوریەوە لەئاستێکی وادا نین کەبەبێ هەڵچون بڕواننە داواکاریی کەمینەکانیان.

بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانە وڵاتی فرەنەتەوەن. لەبەر ئەوە وابۆ مەسەلەکە دەچن کەئەگەر مافی نەتەوەیەك یا کەمینەیەك بسەلێنن، نەتەوەکانی تر یا کەمینەکانی تریش داوای هەمان ماف دەکەن. ئەمەش وای کردوە پەیوەندیی نێوان ناوەندو کەمینەکان وەك پەیوەندییەکی گرژ بمێنێتەوە. لەو وڵاتانەدا هێشتا دیالەکتیکی نێوان ناوەندو کەمینەکان لەوەدایە کەناوەند هەمیشە هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر کەمینەکاندا دەداو کەمینەکان هەمیشە هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە دەدەنو بەلای لامەرکەزیەتدا دادەشکێنن.

هەندێ وڵاتی وەك هندستانی لێ دەرچێ، زۆربەی وڵاتە فرەنەتەوەکانی ئاسیاو ئەفریقیا میکانیزمی لامەرکەزیەت رەت دەکەنەوە.

گیروگرفتی کەمینەکان لەو وڵاتانەدا لەبەر ئەوەی هەمیشە بەزەبروزەنگ چارەسەر کراوە، رەنگە لەمەولا بەسەلماندنی لامەرکەزیەتیش بەلایەکدا نەکەوێ.هەندێ لەو گیروگرفتانە ئەوەندە قوڵن کەلامەرکەزیەتیش دەڕۆستیان نایەت. لەبەر ئەوە وڵاتێکی فدرالی وەکو هندستانیش کەئەندازێکی فراوانی لامەرکەزیەتی بۆ

کەمینەکانی سەلماندوە، خەریکە تۆوی پارچە پارچە بونی تێدا چەکەرە دەکا.

بەشێکی ئۆباڵی گێروگرفتی کەمینەکان بۆ ئیمپریالیزم دەگەڕێتەوە چونکە ئیمپریالیزم لەرابردودا چارەنوسی سیاسیی چەندین وڵاتی بەدەستەوە بوە. سنوری بەشێکی ئەو وڵاتانەی ئەمڕۆ گێروگرفتی کەمینەیان هەیە، لەسەر دەستی بریتانیە یا فەرەنسا کێشراوە بەڵام راست نیە هەمو ئۆباڵەکە بخرێتە ملی ئیمپریالیزمەوە. راستە ئەووڵاتانە پاش سەربەخۆبون دوچاری ئەو گێروگرفتانەی کەمینەکان بوون کەداگیرکەران بەمیرات بۆیان بەجێ هێشتن بەڵام ئەو وڵاتانە خۆشیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گێروگرفتانە هیچ دانایی‌یەکیان پیشان نەداو چەند پێیان کرابێ هەوڵیان داوە ئەو سنورە بپارێزن کەبەمیرات بۆیان ماوەتەوە. زەبروزەنگێك کە لەووڵاتانەدا دژی کەمینەکان بەکارهاتوە، ئەوەندەی دی گێروگرفتەکەی ئاڵۆزتر کردوە، لەبەر ئەوە پێ ناچێ گێروگرفتی کەمینەکان لەبەر نەچەسپانو زۆربەی جار لەبەر نەبونی دیموکراسیو لەبەر ئامادەنەبونی ناوەند بۆ سەلماندنی لامەرکەزیەت، بەپوختی چارەسەر بکرێ.

ئەمەش رەوتی روداوەکان بەرەو توندوتیژبونی گێروگرفتی کەمینەکانو پەرەسەندنی زەبروزەنگو خۆتێهەڵقورتانی دەوڵەتە دەسڕۆکان دەبا. دەوڵەتە خاوەن کەمینەکانیش ئەگەر بەرەو دیموکراسی نەچنو ئەندازێکی فراوانی لامەرکەزیەت نەسەلمێنن، ئەستەمە بەئارامیو بەیەکگرتویی بمێننەوە.

سەرچاوە:

١-ضاري رشيد السامرائي، الحماية الدولية للأقليات، ضمن كتاب: الوحدة الوطنية ومشكلة الاقليات في العالم الثالث، مركز دراسات العالم الثالث، جامعة بغداد، ١٩٨٩، ص١٠.

٢-د. وليد عبدالحي، دور الموقع الجغرافي للأقليات في نجاح ميكانيزم اللامركزية، المجلة العربية للعلوم السياسية، العددان ٣ و ٤، ايلول ١٩٨٩، ص١٠٣.

٣- Robert B. Goldman and A. Jeyaranam Wilson, (ED,) From Independence to statehood, Frances Printer, London, 1989, p. 10.

٤-د. وليد عبدالحي، المصدر السابق،ص١٠٣.

٥-احمد عطية الله، القاموس السياسي، الطبعة الثالثة، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٨، ص١٣٢٠.

٦-هەمان سەرچاوە، ل١٣٢١.

٧-د. وليد عبدالحي، نفس المصدر، ١٠٥.

٨-اطلس معاصر گيتاشناسى، تهران، ١٣٧٠، ص٣٨.

٩-د. سعد ناجي جواد، الحركة القومية الكردية في ايران، ضمن كتاب: الوحدة الوطنية ومشكلة الاقليات في العالم الثالث، ص٦١.

١٠-الدكتور محمد عبدالله العربي، الدستور الاسلامي الكيان الحكومي للدولة الاسلامية، ضمن كتاب: الاسلام والانظمة السياسية، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٨٥، ص١٠٧.

١١-جەودەت ئیسماعیل لوتفی، نەخشی نەتەوایەتیو کەمە نەتەوەکان لەسیاسەتی دەولەدا، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە ١، سالی دوەم، نیسانی ١٩٩٣، ل١٣٠.

١٢-محمد جواد علي، النظام السياسي في الهند، ضمن كتاب: النظم السياسية في العالم الثالث، معهد الدراسات الاسيوية والافريقية، الجامعة المستنصرية، بغداد، ١٩٨٧، ص٢٢٥.

١٣-د. رياض عزيز هادي، المشكلات السياسية في العالم الثالث، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، ١٩٧٩، ص٢٠٣.

١٤-حنا صالح، افغانستان الثورة، دار الفارابي، بيروت، ١٩٨٠، ص٢٧.

١٥-د. محمد عبدالغني سعودي، الجغرافية والعلاقات السياسية، الدولية، المكتبة النموذجية، الكويت، ١٩٨٢، ص٣٠٩.

١٦-نفس المصدر، ص٧٥.

١٧-د. رياض عزيز هادي،المصدر السابق، ص٢٠٤.

١٨-محمد جواد علي، المصدر السابق، ص٢٢٤.

١٩-سراب حميد الدهان، مشكلة مورو، ضمن كتاب: الوحدة الوطنية ومشكلة الاقليات في العالم الثالث، ص٣٠٠.

٢٠-هەمان سەرچاوە، ل٣٠٦.

٢١-محمد سعيد هجرس، السودان بين مشاكل التعددية وازمة البحث عن هوية، مجلة المنار، العدد ٣، السنة الاولى، ١٩٨٥، ص٢٣٦.

٢٢-اطلس معاصر گيتاشناسى، ص٣٨.

٢٣-رۆژنامەی ((الوطن))ی کویتی، ژمارەی ١٩٨٨/٣/٢٩.

٢٤-رۆژنامەی ((السياسة))ی کویتی، ژمارەی ١٩٨٧/٥/٢٤.

٢٥- Panikar Problemes des etates Nouveaux, CALMANN-Levy. Paris. 1959. P. 91.

وەرگیراوە لە: د. رياض عزيز هادي، المصدر السابق، ص٢٠٦.

٢٦-د. رياض عزيز هادي، المصدر السابق، ص٢٠٦.

٢٧-هەمان سەرچاوە، ل٢٠٧.

٢٨- Philppe Govi: Le Triangle Indien, Seuil Paris. 1972, p. 118.

٢٩-د. رياض عزيز هادي، المصدر السابق، ص٢٠٩.

٣٠-ايفانوف، حول نظرية البلدان الفقيرة والغنية، ترجمة: اكرم سليمان، دمشق، ١٩٧٤، ص١١٧.

٣١-هەمان سەرچاوە، ل١١٧.

٣٢-د. رياض عزيز هادي، المصدر السابق، ص١٩٨.

٣٣-الخلاف الصومالي الاثيوبي الكيني، ملف خاص في مجلة ((السياسة الدولية))، كانون الثاني ١٩٧٧، ص٢١٤.

٣٤-باكستان: وجدت لتبقى؟ مقال منشور في مجلة ((الوطن العربي)) ١٩٧٨/١١/٣.

٣٥-هەمان سەرچاوە.

٣٦-هەمان سەرچاوە.

٣٧-اكرم عبدالله الجميلي، التكوين القومي في افغانستان، ضمن كتاب: الوحدة الوطنية ومشكلة الاقليات في العالم الثالث، ص٢٥١.